# گۆڤاری " کورمانج" و چه ن په یڤێک

ڕێناس جاف

بێگومان ئاوڕدانه وه و نووسینی هه ر سووکه باس و بابه تێ
له سه ر ڕۆژنامه و ڕۆژنامه گه ری کوردی له هه ر
پارچه یێکی کوردستانا ، پێویستی به لێکۆڵینه وه و تێڕامان و
وردبوونه وه له سه ر مێژینه و دیرۆکی ڕۆژنامه گه ری
کوردی هه یه . دیاره من نامه وێ خۆ له قه ره ی
وا باسێ قورس بده م و ته نێ گه ره کمه به شێوه یێکی
سه رپێی گۆڤارێیکی نوێی دونیای ڕۆژنامه گه ری کوردی
بناسێنم و به س .
گۆڤاری " کورمانج " گۆڤارێکی مانگانه ی چاندی و هونه ری و
وێژه یيه تایبه ت به کوردانی خۆراسان و له شاری مه شهه د
ده رده چێ .
ئه وه ی من لێی ئاگادار بم ئه م گۆڤاره هه تا نها ،
دوو ژماره ی لێ
ده رچووه و ڕه نگه بۆ نه ورۆزیش ، ژماره یێکی دی
بڵاو بکرێته وه .
ئه وه ی ڕوونه زۆربه ی بابه ته کانی ئه م گۆڤاره
به زوانی فارسین به ڵام دیاره هه موو بابه ته کانیشی ،
پێوه ندییان به کورده کانی خۆراسانه وه هه یه .
گۆڤاری کورمانج هه وڵێکی هه ره قه تی ڕۆژنامه گه ری
کوردی ، لای کورده کانی خۆراسانه به مه به ستی
ناساندنی کوردانی ئه و ده ڤه ره .
له ڕاستیشدا ده توانین بڵێین ناسنامه ی کورده کانی خۆراسانه.

تایبه تمه ندی  هه ره دیار و به رچاوی ئه م گۆڤاره کوردییه ،
بیرێکی ڕووناکبیرییه که به سه ر گۆڤاره که دا زاڵه و
ژماره یێک لاو و گه نجی وریا و بیرتیژی کوردی خۆراسان ،
به ڕێوه ی ده به ن .
گۆڤاری کورمانج ، هه وڵیه تی به بیرێکی زانستیانه و
ڕووناکبیرییه وه ، ئاوڕ له ڕه وشی ژیان و گوزه رانی
کورده کانی خۆراسان بداته وه .
ئه م گۆڤاره ئه رچی هه تا به ئێسته دوو ژماره ی لێ
ده رچووه به ڵام  له ناوه ڕۆکی بابه ته کانی ڕا، دیاره
داهاتوویێکی گه ش  ئینتزاری ئه کێشێ .
وه ک سه رنووسه ری گۆڤاره که ش ئاماژه ی پێ داوه
ده رکه ی گۆڤاری کورمانج له ڕووی هه موو کوردان
ئاوه ڵایه و هه موو کوردێک ده کارێ تێیدا بنووسێ یان
بابه تی بۆ به ڕێ بکات .
دیاره ئه م گۆڤاره له سه ره تای ڕێدایه و پێویستی به
هاریکاری و یارمه تی هه مووان هه یه .
له سه ر ڕووناکبیری کوردیشه ئه وه ی پێی ده کرێ
ده رحه ق به و گۆڤاره درێخی نه کا و ده ستیان بگرێ .
ئه م ژماره ی گۆڤاره که داگری 30  ڕووپه ڕانه و
بابه ته کانی ئه م ژماره شی بریتینه له : سه ر وتار،
ئاوڕێ له خۆم ، ئه توانم لێت خۆش بم به ڵام نکارم
له بیر بکه م ، پێشانگه یێک و پرسیارێک ، دوورخرانه وه ی
کورده کان بۆ خۆراسان ، ڕاستی  یان ئه فسانه ، ئاوڕێ له
مۆسیقای کوردانی خۆراسان ،  چه ن شێعرێ ،
وه پشت سه رنانی دوز بۆ گلیل ،کورد و پێگه ی ئافره ت ،
ئه وینی شه قامه که ی نه هامه تی، ڕۆژنامه گه ری کوردی

به درێژایی زه مه ن ، ڕێنووس و ئه لف و بێی زمانی کوردی و
چه ن بابه تی دی .
سه رنووسه ری ئه م گۆڤاره ، له وتاری ده سپێکی
گۆڤاره که دا ده نووسێ : " ئێمه ی کوردی خۆراسان ،
ده بێ هه موو هه وڵی خۆ بده ین ، گۆڤارێک ده ربکه ین
هه تا مناڵانمان که ڵکی لێ وه ر بگرن .
ئاشکرایه ئه و گۆڤاره سه ره ڕای ڕۆڵی مێدیایی ،
وه ک ناسنامه یێک بۆ ئێمه یه و ده بێ قه ره بووی
به شێکی چکۆڵه ی پاش که وتوویی چاندی چه ن سه ت
ساڵه ی ئێمه بکاته وه .
ڕووناکبیرانی کورد و ئه وانه ی خۆ به په رۆش و خه مخۆری
کورده کانی ئه و ده ڤه ره ده زانن ، ئه توانن
ئێمه یلی بۆ بکه ن و زێتر وه هاناییانه وه بچن .
ئه مه ش ئێمه یلی گۆڤاره که :
Kurmanj_khurasan @yahoo.com
هاتنی ئه م نۆبه ره بۆ نێو دونیای ڕۆژنامه گه ری کوردی
له هه موان پیرۆز بێت .
هیوای سه رکه وتن ، بۆ به ڕێوه به رانی ئه و گۆڤاره
ده خوازین .
به و ئاواته ی له داهاتوودا بێته گۆڤارێکی پێشه نگ و
دوو زمانه ی فارسی _ کوردی و تێ بکۆشن،
ئاوڕێکی له مه زێتر له و گۆڤاره بده نه وه و
هه وڵی ده وڵه مه ند کردنیشی بده ن .
له بیر نه که ین له نێو کوردانی خۆراسانا ، ده یان نووسه ر و
مۆسیقازانی ژێهاتی و شاره زا یان تیا هه ڵکه وتووه که
پێوه نییان به پارچه کانی دی کوردستانه وه ، ده توانێ

زێتر هانیان بدات .
هه لێک بڕه خسێ  سه باره ت به کورده کانی خۆراسان
ده مه وێ چه ن بابه تان بنووسم و له ڕێی ماڵپه ڕه
کوردییه کانه وه  بڵاویان  بکه مه وه .
یه ک له و بابه تانه ش به ده سمه وه یه  بابه تێ
وه رگێڕدراوه له سه ر مۆسیقای کورده کانی خۆراسان .

Renas caf@yahoo.com